کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 9-6-2007 15:58

## توانەوە لە هەستی مرۆڤایەتیدا ... عەبدول شارباژێڕی

من مرۆڤم
بەبەرگێکی خۆڵاوی پڕ لەپینەوە
پاچێکت وا بەشانەوە.
چاوم لێتە... وەک دێوانە
بەکوچەکانا ڕائەکەی.
چاوم لێتە... وەک هەژارێ
سەر بەهەزار ماڵا ئەکەی.
داوا ئەکەی :ئاگرێ بن
بەرەو کۆشک و دام و دەزگای
ژاندرمەکان شاڵاو بەرن.
چاوم لێتە... لەجادەکانی
ـسەقز ـو ـبانە ـو
ـسنە ـو ـمهابادـا
کۆمەڵێکت بەدواوەیە
پڕ بەجیهان هاوار ئەکەی:
من کەکوردم لەنەژادا
لەناو کێو و کەژا زادەم.
هەموو عالەم ئەزانن کێم
منیش کەهەر لەو ئەجدادەم.
مرۆڤێکی شۆڕشگێڕم
لەڕێ و شوێنی خۆم لانادەم.
ئەگەر دوژمن بەڕێگەی خۆی
نەک بۆ زیندان لەدارمدا
زمانی گەرمی باوەڕم
(دەرسی هەڵمەت، تۆڵەسەندن (1
بۆ گەلان دائەدا.
ئەگەر زۆردار،
کێویکی وەکو بێستوون بێ
من بورکانم.
ئەگەر زۆردار،
بورجێکی وەکو ئیڤڵ بێ
بومەلەرزەی بێئامانم.
ئەگەر زۆردار،
لەشکرێکی بێشومار بێ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

من تاعوونم، من بەفرم
من ئاگرم، من زەهرم.
دوژمن ماربێ، من تەورم
سەری سواربێ، من تیرم
سەگی هاربێ، تاپڕم
من کەسێکی بەهێزم
من مرۆڤم نەمرم.
-1978-

ئێمە کوردین
ئێمەکوردین
نەوەی گوردین
ڕۆڵەی کەژ و سەر چیا.
خەباتکەرین
کۆڵنەدەرین
سەر بڵندی ناو دنیا.
***

لەهەر سوچێکی تاریکی
ناو گەردوونا
چرایەکین.
لەهەر کۆشکی زۆرداریکی
ناو جیهانا
ئاگرێکین.
***

ئێمەکوردین
برای هەموو گەلێکین.
ئێمەی گەلان
هەموومان مرۆڤێکین.
ئێمەی مرۆڤ
بەڕووی زوڵما
هەڵمەت بەرین
نابەزین.
ئێمەی نەبەز
لەباوەڕدا
ئاشتی خوازین
سەربەرزین.
***

ئێمە... ئێمە
ئێمەکوردین

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئێمەمەردین
مرۆڤین.
ئێمەین کەوا
ڕوخێنەری فاشیستین.
-1978-

دوژمنانی گێل
گەلانێ خاوەن
هەزاران ڕۆڵەی وەکو -کاوە -ن
نەترس و بێباک
کۆ لەشێر نەکەن،
سەودای تۆڵەبن.
دەک هەشتان بەسەر
دوژمنانی گێل.
مەشخەڵی گڕی هیوا و داخوازی
گەلانی ئێران
بەهەوری ڕەشی پیلانەکانتان
هەرگیز دانامرێ.
ئێوەش لەگەڵ گشت زۆرداری جیهان
شێرەبەفرینەن.
قەت تواناییتان
لەبەر گەرمایی باوەڕی گەلان
زۆر خۆی ناگرێ.
هەر ئەتوێنەوە
بەتوانەوەتان
دێ سوتاوەکان
ئاوا ئەبنەوە.
خۆری ئازادی
بەسەر سەراپای خاکی گەلانا
پەخش ئەبێتەوە.
-بێکەس -هەڵئەسێ
ئێمەش بەدوایا
داری ئازادی بۆ ئەڵێینەوە.
-1978-

((1 دێرەشیعرێکی شاعیری ناسراو کاک (خالید دلێر) ە.

سەرنج :

*ئەم هۆنراوەیەم لەئاهەنگی نەورۆزی ئامادەیی پیشەسازی کارەبا لەسلێمانی، ڕۆژی 1980/3/23 خوێندۆتەوە. هەروەها کاک (جەلال ئەحمەد حەسەن) شیعری خۆی خوێندەوە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 9-6-2007 15:58

*ئەم هۆنراوەیەم (توانەوەلەهەستی مرۆڤایەتیدا) لە1980/3/19نارد بۆ کاک ئەنوەر حەمەڕەشید ی شاعیر، تا لەکۆڕی شیعر خوێندنەوەی 1980/4/5لەهەڵەبجەبیخوێنمەوە، ئاگاداری کردمەوەکە (لیژنەی رۆشنبیری (ڕێگا نادەن بیخوێنمەوەو هۆنراوەی تر بنێرم، منیش ناردم. دوای کۆڕەکەئەو دەستەشاعیرەی سلێمانی بەئامادەبوونی پەیامنێری رۆژنامەی هاوکاری کاک فریا جاف لەماڵی کاک جەباری حاجی کەریم لەهەڵەبجە میوان بووین لەشەوی 5لەسەر 6ی 1980/4 کەپێکهاتبووین لە:-

1. جەلال شکۆ
2. عەبدولقادر سەعید سەرچناری
3. ڕەزا حەمە
4. دڵشادی عومەر کاکی
5. . ئاوات...
6. فاروق فەتاح
7. . فریا جاف
8. جەباری حاجی کەریم
9. عەبدول شاربازێڕی

هەریەکەمان سەرو شیعرمان خوێندەوەو لەکاسێتا بۆ یادگار تۆمارمان کرد، هەریەکەو نوسخەمان لێگرتەوە، من ئەم شیعرەم تۆمار کرد) توانەوەلەهەستی مرۆڤایەتیدا (کەسێ پارچەیە. دوای ئەوەئەم شیعرەسێ پارچەییەم نارد بۆ ڕۆژنامەی هاوکاری و گۆڤاری بەیان بۆ بلاوکردنەوە.

+پارچەی (من مرۆڤم) لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە 556لە1980/11/13 بڵاویان کردەوەکەلێی لابرابوو.

+پارچەی (دوژمنانی گێل) لە ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە 558لە1980/11/20 بڵاویان کردەوەکەلێی لابرابوو.

+پارچەی (من مرۆڤم (لە ڕۆژنامەی العراق لەلاپەڕەی الثقافەالکردیە ی ژمارە 1646لە1981/7/9 لە سەر بڵاوکراوەکەی هاوکاری بەدەستکارییەوەبەعەرەبی بڵاویان کردەوە، کەوەرگێڕ ناوی خۆی لەسەر نەنووسیبوو، وە وشەی ژاندرمەکانی شای ئێرانی کردبوو بە حراس الخمینی الدجال... هتد.

+پارچەی (دوژمنانی گێل) لە گۆڤاری بەیانی ژمارە 83لەت 2-1 ساڵی 1982جارێکی تر بڵاویان کردەوە، کەلەو کاتەدا دەمێک بوو لەشاخ بووم.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.